
شیعر



ئەنوەر مەسیفی

# کۆماری کەرکووک

شیعرێکی بڵاونەکراوە

کەرکووک کەرکووک
دڵدارەکەی کەژاوەی بووک
من واهاتم دەستنوێژی خۆم
بە بڵێسەی شەوەکانی گڕت بشۆم
من واهاتم ماچت بکەم
بەقەد گڕی ماچی ئۆخەی دڵدارەکەم
گیانە هاتم
وشەکانی سەرمەرگی
لەیلا قاسم بە تەزبێحی رەحیماوە هەڵبواسم
هاتم دەنگت بڵێمەوە
لەسەر گۆڕی شەهید ئەریە
مناڵەکەی لە برسا مرد بژێنمەوە
هاتم هاتم
کەرکووک کەرکووک
بۆ ئامێزی تۆوە هاتم

ساڵی ١٩٧٤